# سەردەمێکە

کاوەی خەسرەوکاوانی



سەردەمێکە چاوەڕوانی دیدارێکم
کە هات هەرگیز نەبڕێتەوە ,
قوفلی زەمەن دابخرێت و
تا رۆحەکان تێکەڵ نەبن
بە هیچ کلیل نەکرێتەوە.

⋆ ⋆ ⋆

سەردەمێکە خەمت بە خوڕترلەجاران
کانی ئەشکم پێ چێ دەکا ,
تۆ نازانی ئائەم عیشقە خۆنەویستە
کە دیارنەبی چیم پێ دەکا.

⋆ ⋆ ⋆

سەردەمێکە جگە لەچاوەڕوانی تۆ
هەموو شتێك لە گۆڕانە ,
بەس سەمفۆنیای دەنگت نەبێت
سەرەتاپای جوولەی ژیانم
لەلای من باووبۆڕانە.

⋆ ⋆ ⋆

سەردەمێکە دەرگاوانی
ئاژانسەکانی هەواڵم ,
دەڵێم بەلکو
بە گوێ بیستی هاتنەوەی تۆ
کۆتا بێ خەون و خەیاڵم.

⋆ ⋆ ⋆

سەردەمێکە من بوومەتە شۆڕشگێڕو
تۆش وەڵاتی داگیرکراو,
کە تۆ هاتی ئازادی دێ
جیهان دەبێتە خۆرەتاو